# لەخۆپیشاندەرێکەوە!!؟؟؟؟

نەژاد عومەر
nejad.umer@hotmail.com

پێش ڕاپەڕین،
لەڕۆژگارە شیرینە سەختەکانی لێوان لێو لە خەبات و تێکۆشانی پڕ ئەوین..،
هەموو حەزو خولیایەکم..!
نەبوونی کارەبا بوو..!
تا، تاریکیم بۆ ببێتە قەڵای مەردان،
هەموو حەزو خولیایەکم نەبوونی ڕێگاوبان بوو..،
تا،بەئاسانی دوام نەکەون بەعسێکان،
هەموو حەزو خولیایەکم نەبوونی ئاو بوو. ..،
تا، بەعسێکان نەڵێن، اللللە،اشگد عذب مای الشمال..!!!
تا، سیخووووڕو تەواری و ئەنفالچێکان،نەڵێن خوا نەی وڕڕڕیو، نەشۆن دەستی خوێناویان..!
هەموو حەزو خولیایەکم نەبوونی سووتەمەنی بوو
تابلاجکتۆری سەر پیکابەکانی(عەلی و موحسین)* بەئاسانی شوێن پێکانم هەڵنەگرن..!
هەموو حەزو خولیایەکم مانەوەم بوو بۆ کوردوستان..،
تابتوانم بەبێوەیی بۆ کوێرە دێیەک هەڵفڕم،
پەیامی شار بۆ گوند بەرم..!!
پەیامی گوند بۆ شار بێنم.!!
ئێستاش شارم بووە بەکوێرە دێ..،
تەنها هەندێ شوێنی نەبێ،
حەزو خولیای ئاو و کارەباو سوتەمەنی و خزمەت گوزاری لەکوێ بێنم،
گەیشتە کوێ،ئەو خەباتەی جاران کردم ..؟
لەبەردەم چ شۆڕڕڕشگێڕێکی پیاکەوتەدا پەیامم هەڵڕێژم...!!!؟؟؟
*

* موحسین تانێوەڕاستی هەشتاکان زابتێکی بەرەگەز فەلەستینی بکوژو بیری بێ هاوتای بەعس بوو لەشاری سلێمانی،پاشان دوور خرایەوە بۆ جنوب و ڕاپەڕیوانی جنوبیش بەسزای ئیمامی عەلی-یان گەیاند.پاشان ملازم عەلی شوێنی گرتەوەو بەزیادەوە هەمان ڕێچکەی موحسین-ی گرتەبەرو لەڕاپەڕیندا جەماوەری سلێمانی لەئەمنەسوورەکە بەسزای گەل و شۆڕشی ئەوسایان گەیاند.

.